# پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢٥ی عێراق

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی– زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

ئارامی و سەقامگیریی عێراق لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر سەقامگیریی هەرێمی و تەنانەت ئەم کاریگەرییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت. بۆیە هەر ڕووداوێکی سیاسی لە عێراق لە نزیکەوە لەلایەن هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانەوە چاودێری دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە جووڵێنەری ئەم کاریگەرییەیە. سەرەڕای بوونی دەیان تێبینی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و بەتایبەت ڕاددەی پابەندبوونی لایەنە سیاسییەکان بە بنەما دیموکراسییەکان و دەقەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام هەڵبژاردنەکان ئەگەر بەسستییش بێت کاریگەریی بەرچاوی هەبووە و دەبێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق، چونکە سەرەتا لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر کاندیدەکانی سەرۆکوەزیران بەتەواوەتی بە ئارەزووی لایەنە سیاسییە شیعەکان و تاران دیاری دەکران، بەڵام لە "مستەفا کازمی" و "سوودانی"یەوە، دەبینین کە ئەم دوو کاندیدە سەرەڕای دیاریکردنیان لەلایەن هێزە شیعەکانی عێراق، بەتەواوەتی بە حەز و ئارەزووی خۆیان نەبووە بەڵکوو لە ئەنجامی گوشارەکانی واشنتۆن و خۆپیشاندانەکانی تشرینەوە بوو؛ چونکە ئەم هێزانە ناچار کران کە لەسەر ناوێکی پەسەندکراو لەلایەن واشنتۆنەوە ڕێک بکەون. بۆیە ئەم کێشەزایە تا ئێستا درێژەی هەیە و دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥یش چاوەکان خراونەتە سەر ئەو ناوەی کە پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی داهاتووی عێراقی پێ دەسپێردرێت.

ئەنقەرەش یەکێک لەو هێزە هەرێمییانەیە کە بەنیگەرانییەوە چاودێریی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق دەکات، چونکە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣، گۆڕانکاریی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. هێڵی سووری ئەنقەرە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە و، لەپاڵ ئەمەیش دەیەوێ هاوکێشەیەکی ئەوها لە بەغدا بێتە ئاراوە بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری، بازرگانییەکانی پارێزراو بێت. هەروەها تورکیا ئارەزوومەندە کە باڵادەستییەکەی لە کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستان کۆتاییان پێ نەیەت.

هەوڵ دەدەین لە بابەتی ئەم جارەمان ئەوە بخەینە ڕوو کە هەڵبژاردنەکانی مانگی تشرینی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چ کاریگەرییەکی بۆ سەر تورکیا دەبێت و، دوای ئەم هەڵبژاردنە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – بەغدا دەگاتە چ ئاستێک و ئەم پەیوەندییە نوێیە چۆن کار دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان.

**ئایا ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی ئەنقەرە و بەغدا دەبێت؟**

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕاوە و بەگشتی هەر قۆناغێک دوای ئەم ڕێکەوتە، تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. قۆناغی دوای حەوتی ئۆکتۆبەر و یەکەم هەڵبژاردن دوای حەوتی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣، کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجام درا، بێ گومان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەیبێت، چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، ئەم جارە لە کەشوهەوایەکی جیاوازتر بەڕێوە چوو. گرنگترین تایبەتمەندیشی ئەوەیە تاران- کە هێزێکی یەکلاییکەرەوەیە لە عێراق- ئەم جارەیان لەسەر ئاستی ناوچەکەدا بەراورد بە قۆناغەکانی ڕابردوو زۆر لاواز بووە؛ بۆیە دەبینین نایەوێ تاکە قەڵای، کە عێراقە، لەدەست بدات.

ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەغدا ئەم جارەیان دەبێتە کارتی مان و نەمان بۆ تاران لەسەر ئاستی ناوچەکەدا. ئەم بارودۆخەیش ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە ڕکەبەرانی ئێران لە عێراق بە ڕێگە جیاوازەکانەوە هەوڵ دەدەن ئەم لاوازییەی تاران لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن. لەم چوارچێوەدا ئەنقەرە کە ڕکابەرێکی سەرسەختی ئێرانە لە عێراق، ئامادەکارییەکی باشی کردووە بۆ ئەوەی ئەم جارەیان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات.

**ئایا ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی ئەنقەرە و بەغدا دەبێت؟**

دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

. هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی عێراق، بێ گومان کاریگەریی هەیە لەسەر ئەم پەیوەندییە؛ بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکان ئەم هاوکێشانە سەرلەنوێ بونیاد دەنرێن و هەندێک هێز و ناوی نوێ بەدەردەکەون. سەرەڕای ئەوەی هێزە شیعییەکان لە عێراقی دوای ٢٠٠٣وە کۆنترۆڵی بارودۆخە سیاسییەکەی عێراقیان کردووە بەڵام لە دوای هەر هەڵبژاردنێک هەندێک ناوی نوێ بەدەردەکەون، بەتایبەت سەرکردەکانی دوای ٢٠٠٣ گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و کەسایەتیی تر و گەنجتر کاریگەرتر دەبن.

لەپاڵ ئەمە، بەشدارینەکردنی هێزێکی کاریگەری شیعی وەکوو "ڕەوتی سەدر" لە هەڵبژاردنەکان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر دروستبوونی نەخشەی سیاسی لە بەغدا دوای هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، بۆ نموونە هێزێکی وەکوو "عەسائیبی ئەهلی هەق" کە باڵی سیاسیی ئەم ڕەوتە لەژێر ناوی "کوتلەی سادیقوون" بە سەرکردایەتیی "قەیس خەزعەلی" لە هەڵبژاردنی ئەم جارە بەشدار بوو و توانیی (٢٧) کورسی بەدەست بهێنێت. هەروەها "هاوپەیمانیی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان" بە سەرۆکایەتیی "محەمەد شیاع سوودانی"یش لایەنێکی دیکەی براوەکانی ئەم هەڵبژاردنە بوو و (٤٦) کورسیی لە ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست هێنا.

ئەم تابلۆیە ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە پێ ناچێت نەخشەی سیاسیی ناوخۆی عێراق لە ڕەوشە کلاسیکییەکەی خۆی دەربازی بێت. بۆیە ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق. کەواتە بە ئەگەرێکی زۆر، دیسان چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی ئەگەر کاندیدێکیش بە ئارەزووی خۆی دیاری نەکات و ناچار بکرێت لەسەر کاندیدێک ڕێک بکەوێت، ئەوە هەوڵ دەدات لە چوارچێوە گشتییەکەی بۆچوون و هێزی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دەرنەچێت؛ بۆ نموونە

چوارچێوەی هەماهەنگی ئەوەندە نیگەرانە دەربارەی دیاریکردنی کاندیدێک بۆ ئەم پۆستە، تەنانەت دەنگۆی ئەوەیش بڵاو بووەوە کەوا شەش مەرجی پێشوەختەی بۆ کاندیدەکە داناوە وەکوو ئەوەی کە: کاندیدەکە نابێت هیچ حزبێکی سیاسی دروست بکات، پێشتر نابێ پۆستی سەربازیی هەبوو‌بێت، هەروەها نابێت پۆستی ئەمنییشی وەرگرتبێت، جگە لەمە نابێت پێشتر پۆستی دادوەریی هەبوو‌بێت؛ لە هەمووان گرنگتر، نابێت جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق کاندید بکاتەوە و، دەسەڵاتی دووبارە کاندیدکردنیشی بۆ خولی دووەم دەدرێتە چوارچێوەی هەماهەنگی. تاوتوێکردنی ئەم پرسانە، خۆی لە خۆیدا ترسی لایەنە شیعەکانمان بۆ دەردەخات لە کاندیدی ئەم جارەی کابینەی حکوومەت بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین هاوکێشەی سیاسیی ناوخۆی عێراق، گۆڕانکارییەکی ڕیشەییی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە پەیوەندییەکانی عێراق–تورکیا لە دوای پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە نابینێت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاران لە کاتی داڕشتنی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا درێژەی پێ دەدرێت.

□. شەرعییەتی سیاسی، ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە دیاریکردنی چۆنێتیی مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ تورکیا. ئەو حکوومەتەی کە پشت بە شەرعییەتێکی هەڵبژاردنی پەسەندکراو دەبەستێت، مەیلی بۆ ئەوە هەیە ناکۆکییەکان لەگەڵ ئەنقەرە بە شێوەیەکی گفتوگۆئامێز بەڕێوە ببات و جیاکاری لە نێوان ناکۆکییە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا بکات. بەڵام ئەو حکوومەتانەی کە بەدەست لاوازیی شەرعییەتەوە دەناڵێنن، زیاتر ئامادەن پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا لە ململانێی ناوخۆییدا بەکار بهێنن؛ ئەمەیش دەبێتە هۆی گەورەکردنی دۆسیە جێناکۆکەکان.

ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە حکوومەتەکە پێک دەهێنرێت، بەڵام بەهۆی بەشدارینەکردنی هێزێکی فراوان و کاریگەری وەکوو ڕەوتی سەدر، لەوانەیە هەندێک لە شەرعییەتی حکوومەتەکە کەم بکاتەوە و لاوازی بکات. بۆیە پێشبینی دەکرێت کەوا پەیوەندییەکانی نێوانی عێراق و تورکیا بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر ئاستە ناوخۆییەکەدا بەکار بهێنرێت.

ئەم ڕاستییە تا ڕاددەیەکی بەرچاو بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، چونکە زۆر جار دەبینین کە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر–ئەنقەرە بۆتە کەرەستەیەکی باش بۆ ڕەخنەگرتن لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و، تەنانەت هەندێک لە بەشداربووانی حکوومەتیش بە هەمان شێوە ئەم خاڵەیان بەکار هێناوە.

بۆیە پێشبینی دەکرێت پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی ناوخۆ وەکوو کارتێکی گوشار لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەکار بهێنرێت و، لەوانەیە ئەمەیش کاریگەرییەکی نەرێنیی هەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی هەردوو لا.

□.سەقامگیریی سیاسی، هەردەم وەکوو فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە تەماشا دەکرێت. ئەگەر سەیرێکی هەڵوێست و دیدگەی تورکیا بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەر دەکەون، گرنگترین فاکتەر نین لە دیدگەی ئەنقەرەوە، بەڵکوو ئەوەی بۆ تورکیا گرنگە، ئاستی ئەو سەقامگیرییە سیاسییەیە کە ئەنجامەکان بەرهەمی دەهێنن. واتە تورکیا پێی باشترە مامەڵە لەگەڵ حکوومەتێکی بەهێزدا بکات کە توانای جێبەجێکردنی پابەندییەکانی هەبێت، تەنانەت ئەگەر هەڵوێستی

ڕەخنەگرانەیشی هەبێت؛ نەک مامەڵە لەگەڵ حکوومەتێکی لاواز و پەرشوبڵاو بکات کە نەتوانێت کۆنتڕۆڵی دۆخی ناوخۆی عێراق بکات. چونکە هەر کاتێک هەڵبژاردنەکان یارمەتیدەر بن لە دروستکردنی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی، ئەوا بە شێوەیەکی ئەرێنی لەسەر هاوکاریی دوولایەنە ڕەنگ دەداتەوە. بۆ نموونە بە بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی و سەقامگیریی ناوخۆی عێراق، تورکیا لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ئامادە بوو لەگەڵ تاران و بەغدا یەکهەڵوێست بێت و تەنانەت کەرکووک- کە ئەنقەرە بانگەشەی ئەوە دەکات هێڵی سووری تورکیایە- ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی بکات.

.سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد، کاریگەریی هەڵبژاردنەکان سنووردار دەمێنێتەوە، چونکە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا لەسەر کۆمەڵێک پێویستیی ڕەها وەستاون کە ناکرێت پشتگوێ بخرێن و فەرامۆش بکرێن، وەکوو: پشبەستنی بازرگانیی دوولایەنە، دۆسیەی ئاوە سنووربەزێنەکان، تێکەڵبوونی ئەمنی لە سنوورەکانی باکوور.

بۆیە ئەم پێداویستییانە دەبنە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکان بەردەوام بن؛ بێ گوێدانە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان کاریگەرییان لەسەر دەبێت، شێوازی بەڕێوەبردن و ئاستی گوتار و لێدوانەکانە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢٥ کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا دەبێت لە ڕووی میکانیزمەکانەوە نەک لە ڕووی ئاراستە گشتییەکانییەوە، چونکە هاوکارییەکان بەهێز دەکات کاتێک حکوومەتێکی سەقامگیر و خاوەن شەرعییەت بەرهەم دەهێنێت و، بەربەستی بۆ دروست دەکات کاتێک دەبێتە هۆی دابەشبوونی سیاسی و لاوازی لە دەرکردنی بڕیاردا.

بەم شێوەیە، هەڵبژاردن وەک فاکتەرێکی ڕێکخەری پەیوەندییەکان دەردەکەوێت نەک دیاریکەری ڕێڕەوەکەی، چونکە زیاتر چۆنێتیی کارلێککردن لەگەڵ تورکیا ڕێک دەخات نەک پێناسەکردنەوەی سروشتی پەیوەندییەکە.

**لە ئێستادا سەرەکیترین بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە عێراق چین کە گۆڕانیان بەسەردا نایەت؟**

تورکیا وەکوو ئەکتەرێکی هەرێمیی کاریگەر لە ناوچەکەدا، چەندان بەرژەوەندیی سەرەکیی هەیە کە دەتوانین بڵێین نەگۆڕن. لەم چوارچێوەیەدا گرنگیترینیان دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە بێت:

.ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

تورکیا "هەرێمی کوردستان" وەک قووڵاییەکی ستراتیژیی خۆی دەبینێت کە دەبێت کۆنتڕۆڵ بکرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی سنوورەکانی. ئەنقەرە، بوونی پەکەکە لە ناوچەکانی وەکوو قەندیل و شەنگال و مەخموور بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەبینێت. هەر بۆیە، تورکیا بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بۆ ئەم ناوچانە، بە مەبەستی گوشارکردن لەسەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی هەماهەنگیی ڕێکارە ئەمنییەکان خێراتر بکات؛ هەروەها ئەنقەرە ئامرازە دیپلۆماسییەکانیش بەکار دەهێنێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر هاوکاری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا.

بۆیە دەبینین ئاسایشی نەتەوەیی، بەرژەوەندییەکی وجوودیی جێگیرە و کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی هەڵبژاردن یان گۆڕینی حکوومەتەکانی لەسەر نییە، چونکە ئەنقەرە وای دەبینێ کە هەر کشانەوەیەک لە

پرۆسەی کۆنترۆڵی ئەمنی لەسەر سنوورەکان، ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ ناوخۆی تورکیا. ئەمەیش بەردەوامیی ڕێککەوتننامەی هەماهەنگیی ئەمنی و ناردنی هێزی تورکی یان تیمە هەواڵگرییەکان بۆ ناوچە ستراتیژییەکانی عێراق ڕوون دەکاتەوە.

. پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و سەلامەتیی خاکەکەی

تورکیا بەردەوام بە گوتار و بەکردەوە جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و ئەمەیش یەکێکە لە لەپێشینەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. بۆیە دژی هەر پڕۆژەیەکی جیابوونەوە و دابەشکردنی خاکی عێراقە، جا ئەمە چ لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بێت یان لەسەر بنەمایەکی مەزهەبی بێت لەلایەن هەر هێزێکی دیکەی عێراق؛ چونکە هەر هەڵوەشانەوەیەک دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دابەشکارییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لە ناوچەکەدا، هەروەها ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەناو سنوورەکانی تورکیا، بەتایبەت لە ناوچە کوردنشینەکاندا. جگە لەمە هەر دابەشبوونێک لە عێراق بەپێی بۆچوونی ئەنقەرە، دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەک، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە هێزە ناوچەییە نەیارەکانی تورکیا سوودی لێ وەردەگرن.

لەم چوارچێوەیەدا یەکپارچەیی عێراق بەرژەوەندییەکی ستراتیژیی جێگیرە، چونکە ڕاستەوخۆ بە ئاسایشی ناوچەیی و ناوخۆیی تورکیاوە بەستراوەتەوە. بۆیە دەبینین تورکیا کار دەکات بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق لە ڕێگەی پشتگیریکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، پڕۆژەکانی ژێرخان و هاوکاریی ئەمنی، نەک تەنیا لە ڕێگەی گوشاری سیاسییەوە.

. هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە تورکیاوە سەرچاوە دەگرن و بە سووریادا بەرەو عێراق دێن. بۆیە ئاو وەک توخمێکی هێزی ستراتیژی سەیر دەکرێت، نەک تەنیا دۆسەیەکی تەکنیکی یان ژینگەیی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە تورکیا سوورە لەسەر: بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی ئاو بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابووری و کشتوکاڵییەکانی خۆی بکات، هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ عێراق بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاو_چونکە تورکیا پێی وایە عێراق لە بەکارهێنانی ئاودا ئیسرافێکی زۆر دەکات و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەم بوارەدا بەکار ناهێنێت. بۆیە دەبینین ئاو لەم حاڵەتەدا سەرچاوەیەکی سیادی و کلیلێکە بۆ هەژموونی ناوچەیی. ئەنقەرە وەکوو ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی دەیبینێت، چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری ئەمنی بێت. هەروەها جەخت لەسەر هاوکاریی تەکنیکی دەکاتەوە بۆ ئەوەی عێراق بە چارەسەرەکانی تورکیاوە ببەستێتەوە لە بری پەنابردن بۆ گرژیی سیاسی.

. تورکیا لەگەڵ عێراق بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانیی فراوانی هەیە کە بریتییە لە بازرگانیی دوولایەنە. لەم چوارچێوەیەدا عێراق بازاڕێکی سەرەکییە بۆ هەناردەی تورکیا. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی تورکیا قەبارەی بازرگانیی نێوان عێراق و تورکیا بۆ ساڵی ٢٠٢٤ گەیشتۆتە (٢٠ ) ملیار دۆلاری ئەمریکی بەپێی لێدوانێکی وەزیری بازرگانیی تورکیا (پ.د.عومەر بولات)، قەبارەی بازرگانیی نێوان تورکیا – عێراق بۆ نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ گەیشتۆتە (١٢) ملیار دۆلاری ئەمریکی و لە کورتمەودادا ئامانجیانە ئەم بڕە بگەیەننە (٢٠) ملیار دۆلار و بۆ دوورمەوداش ئارەزووی گەیاندنی ئەم بڕەیان بۆ (٣٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی هەیە.

بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەم بەرژەوەندییانە کاتی نین، بەڵکوو ستراتیژی و درێژخایەنن،

چونکە هەژموونێکی ئابووریی جێگیر بە تورکیا دەبەخشن و پێویستیی بەکارهێنانی هێزی سەربازی یان هەڕەشەی سیاسی کەم دەکەنەوە. ئابووری لێرەدا وەک ئامرازێکی "هێزی نەرم" بۆ کۆنترۆڵکردنی عێراق و هێشتنەوەی گفتوگۆ دادەنرێت؛ تەنانەت ئەمە لە کاتی گرژییە سیاسییەکانیشدا ڕاستە.

□. تورکیا بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کە ڕێگری بکات لە هەر لایەنێکی ناوچەیی، بەتایبەت ئێران یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکوو ئەمریکا، کە بەتەواوی بەسەر عێراقدا باڵادەست بن. ئامانجیشی لەم خاڵە بەپێی دیدگەی خۆی، بریتییە لە: "**پاراستنی عێراق وەک دەوڵەتێکی فرەلایەن لە بڕیارە ناوچەییەکاندا**"□ "**دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی عێراق، بە جۆرێک کە بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بن**"، هەروەها "**بەهێزکردنی تۆڕێکی هاوپەیمانیی نەرم لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی عێراق**".

بۆیە ئەم ڕەهەندە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکات کە ئەنقەرە وەک فاکتەرێکی هاوسەنگیی ستراتیژی مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات، نەک تەنیا وەک دەوڵەتێکی دراوسێ. هەر جووڵەیەکی هەڵبژاردنی ناوخۆییش ناتوانێت ئەم بەرژەوەندییە بنەڕەتییانە لەناو بەرێت و هیچ حیسابێکی بۆ نەکات؛ بەڵام ڕەنگە شێوازی جێبەجێکردن یان ئامرازەکانی بگۆڕێت. بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی ئەنقەرە، بەتایبەت ئەردۆغان، ناڕەزایەتیی توندی دەربڕی لە دژی کودەتاکەی میسر کە لە ئەنجامدا "عەبدولفەتاح سیسی" بووە سەرۆککۆماری میسر، بەڵام لە دوا قۆناغدا ئەنقەرە و ئەردۆغان ناچار بوون کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ سیسی و قاهیرە ئاسایی بکەنەوە. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە پەیوەندییەکان زیاتر لە نێوان دامەزراوە فەرمییەکان و وڵاتەکاندان نەک کەسایەتی و حزبەکان.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەم ڕاستییەی، کە بەرژەوەندییە جێگیرەکانی تورکیا لە عێراق، بریتین لە: بەرژەوەندیی ئەمنی، ئاوی، جیۆپۆلیتیکی، سیاسی و دامەزراوەیی. ئەمانەیش لە بنەڕەتدا پێکهاتەیین؛ واتە کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی عێراقیان زۆر لەسەر نییە، بەڵکوو تەنیا ئامرازەکانی بەڕێوەبردن و میکانیزمەکان دیاری دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر حکوومەتێکی سەقامگیر لە عێراق پێک هێنرا، ئەوە هاوکاری و هەماهەنگیی ڕێکوپێکتری لێ دەکەوێتەوە؛ بەپێچەوانەوە گەر حکوومەتێکی لاواز پێک هێنرا، ئەوە بەردەوامیی گوشارەکانی تورکیا لە بواری ئابووری و ئەمنیی لێ دەکەوێتەوە.

بەم شێوەیە، ئەم بەرژەوەندییانە ئەوە نیشان دەدەن کە تورکیا وەک فەزایەکی ستراتیژیی درێژخایەن مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات، کە تێیدا سیاسەتە جێبەجێکارییەکان لەگەڵ واقعی هەڵبژاردن دەگونجێنن، بەڵام ئامانجە بنەڕەتییەکان بەجێگیری دەمێننەوە و ناگۆڕدرێن.

**ئایا نەخشەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی، تورکیا نیگەران دەکات؟**

سەرەڕای ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێی داوە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تا ڕاددەیەک کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هۆکارەکانی نیگەرانیی ئەنقەرە دەربارەی قۆناغی داهاتووی عێراق، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

**یەکەم:** مەترسیی سەرەکیی ئەنقەرە لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، تایبەتمەندی و جۆری حکوومەتی داهاتووی عێراقە، چونکە شێوازی جێبەجێکردنی عێراق بۆ پابەندیی ئەمنییەکانی و، ئاستی هاوکاریکردنی بەغدا لەگەڵ ئەنقەرە لەم بوارەدا، سەرەکیترین مەترسیی ئەنقەرەیە. لەبەر ئەوەی تورکیا پێش

هەڵبژاردنەکانی عێراق و دوای ئەویش، لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق درێژەی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆی داوە.

**دووەم:** سەرەڕای ئەو کێشانەی کە لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە هەبووە، بەڵام بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمنی هەبووە لەگەڵ یەکتر و، چەندان یاداشتی لێکتێگەیشتنی سەربازی و ئەمنیی دووقۆڵـی دژی مەترسـییە هاوبەشـەکـان واژۆ کـراون. بۆیـە هـەر گۆڕانکـارییەک لـە دوای هەڵبژاردنەکـان لەوانەیە ببێتە هۆی پاڵپشتیکردنی ئەم هەماهەنگییە و هاریکاریکردنی تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەگـەر هـات و حکـوومەتێکی میـانڕەو لـە عێـراق پێـک هێنـرا. بەڵام بەپێچەوانـەوە لـە ئەگـەری پێکهێنـانی حکوومەتێکی توندڕەو، ئەوە ئاستی هەماهەنگییە ئەمنییەکە و بوراەکانی تریش دادەبەزێت.

**سێیەم:** ئاو، پرسێکی ستراتیژیی هەستیارە لە نێوان ئەنقەرە و بەغدا، هەروەک لە سەرەوەیش ئاماژەمان پێی کرد. لەم چواچێوەیەدا <u>هەردوو لا ڕێک کەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەندێک پرۆژەی هاوبەش لە کەرتی ئاو</u>، کە ئەمەیش پێشڤەچوونێکی گرنگە لە پەیوەندییە دوولایەنەکاندا.

بۆیە مشتومڕێکی ناوخۆیی سەبارەت بەم ڕێککەوتنانە هەیە، بەو پێیەی ڕەنگە دەستکاریی سەروەریی ئاوی عێـراق بکـەن و، ئەگـەری هەیـە لـە ڕووی سیاسـییەوە لەنـاو پەرلەمـانی تـازە هەڵبـژێردراوی عێـراق دوای هەڵبژاردنەکان ڕەنگ بداتەوە، لە ڕێگەی <u>ناڕەزایەتییە پەرلەمانییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی ئەم لێکتێگەیشتنانەوە</u>.

ئەم پێشڤەچوونەی کەرتی ئاو لە نێوان هەردوو لا لە ڕوانگەی تورکیاوە ئاستی هەستیاریی ستراتیژی بەرز دەکاتەوە، بەڵام بە مانای هەڕەشەیەکی وجوودی، واتا مەترسیی لەناوچوونی و نەمانی بەرژەوەندییەکانی تورکیا نایەت، بەڵکوو پێویستیی بە هەنگاو و مامەڵەی دیپلۆماسیی ژیرانە هەیە دوای هەڵبژاردنەکان و، ئەمەیش بابەتێکی گرنگە کە دەبێ ئەنقەرە کاری جددیی بۆ بکات.

**چوارەم:** ڕێککەوتنە ئابوورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، وەک گرێبەستەکانی وزە یان نەوت بەرامبەر بە پرۆژەکانی ئاو (Oil for Water) جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕەهەندی ئابووری لە پێگەی ستراتیژیی خۆیدا بەردەوام دەبێت، سەرەڕای مشتومڕەکان لەسەر وردەکاری و میکانیزمەکانی. هەرچەندە لە ڕووی ئابوورییەوە، هەڵبژاردنەکان نابنە بەربەست و ڕێگر لەبەردەم بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا لە عێراق، بەڵام ئەنجامەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر خێراییی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان؛ بۆ نموونە تورکیا، بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا، جەخت لە جێبەجێکردنی پرۆژەی گەشەپێدان دەکاتەوە، بەڵام شێواز و جۆری ئەو حکوومەتەکەی کە لە بەغدا پێک دەهێنرێت، ئایا تاچەند پابەند دەبێت بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژە ستراتیژییە لە عێراق؟ چونکە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە تاران هەندێک تێبینی و نیگەرانیی هەیە سەبارەت بەم پرۆژەیە. جگە لەمە وڵاتانی وەکوو میسر و کوێتیش بە هەمان شێوە دژی ئەم پرۆژەیەن. بۆیە حکوومەتی داهاتووی عێراق دوای هەڵبژاردنەکان لە ڕووی ئەم بابەتەوە بۆ ئەنقەرە زۆر گرنگە.

### تورکیا چ جۆرە کابینە یاخود حکوومەتێکی لە عێراق دەوێت؟

تورکیا لە لای گرنگ نییە "کێ لە هەڵبژاردنەکان سەر دەکەوێ؟" بەڵکوو ئەوەی نیگەرانی دەکات و گرنگە بۆی، ئەوەیە کە "کێ دوای هەڵبژاردنەکان دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبات؟"، واتە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٥ی

عێراق، گۆڕاوێکی سیاسی نییە بۆ تورکیا بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی شێوازێکی نوێی حوکمڕانی و، ئەم شێوازەیش دەبێتە سەرچاوەی نیگەرانییەکان یاخود دڵنیایی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنقەرە حکوومەتێکی وەزیفی (کارگێڕی)ی بەهێزی دەوێ نەک حکوومەتێکی بنیادنراو لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی. واتە تورکیا هەوڵ دەدات ڕێگری لە پێکهێنانی حکوومەتیکی لایەنگری ئایدیۆلۆژی بکات. بە واتایەکی دیکە، هەوڵ دەدات حکوومەتێک پێک بهێنرێت کە لە ڕووی سیاسییەوە لە ئەنقەرە نزیک بێت. بۆیە ئامانجە ستراتیژییەکەی تورکیا بۆ پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق، بریتییە لە سێ تایبەتمەندیی وەزیفی (کارگێڕی):

**أ.** ئامانجی، حکوومەتێکە کە لە ڕووی ئەمنییەوە توانای کۆنترۆڵکردنی هەبێت، کە خاوەن بڕیارێکی سەروەریی ڕوون بێت و توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی هەبێت و ڕێگری بکات لەوەی بۆشاییەکی ئەمنی لەم ناوچانە دروست بێت. چونکە بەردەوام بەرپرسانی تورکیا ئەمە بەڕاشکاوانە ڕادەگەیەنن کە چەندان جار داوایان لە حکوومەتی عێراق کردووە کە سنوورەکانی لەگەڵ تورکیا کۆنترۆڵ بکات و ئەو هەڕەشە ئەمنییانەی کە لە سنوورەکانەوە بۆ تورکیا دروست دەبێت بنبڕی بکات؛ بەڵام تا ئێستا، بەتایبەت لە دوای ٢٠٠٣ هیچ حکوومەتێکی عێراق نەیتوانیوە ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێت.

**ب.** حکوومەتێکی دەوێ کە توانای بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەبێت. حکوومەتێک بێت تەوافوقیی بەهێز نەک کابینەیەکی لاواز کە لە ڕووی پاڵپشتیی پەرلەمانەوە بۆ حکوومەتەکە پەککەوتوو بێت. هەروەها ئەنقەرە ئامانجیەتی حکوومەتەکەی داهاتووی عێراق خاوەنی بەردەوامییەکی دامەزراوەیی بێت کە لەگەڵ هەر قەیرانێکی سیاسییدا گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت.

**جـ.** خاڵێکی گرنگ کە ئەنقەرە بۆ حکوومەتی داهاتووی عێراق کاری جددیی لەسەر دەکات، بریتییە لەوەی کە نایەوێت حکوومەتە داهاتووەکەی عێراق بەتەواوی بکەوێتە ژێر هەژموونی یەک لایەنی هەرێمی. واتە پێویستە حکوومەتەکەی داهاتوو دوژمنایەتیی تورکیا نەکات و، تەنیا لەلایەن وڵاتێکی هەرێمیی ڕکابەرەوە ئاڕاستە نەکرێت (کە زیاتر لێرە مەبەستەکە "ئێران"ە)؛ هەروەها زۆر گرنگە بۆ ئەنقەرە، ئەو حکوومەتە نوێیە هاوسەنگی لە سیاسەتی دەرەوەیدا بپارێزێت و تەرەفگیرییەکی زەق و کوێرانە بۆ هیچ لایەک ڕانەگەیەنێت.

**هەرێمی کوردستان لە کوێی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی بەغدا و ئەنقەرەدایە؟**

هەرێمی کوردستان لایەنێکی گرنگ و خاوەن پێگەیەکی ستراتیژییە لە عێراق. ئەم پێگەیەی هەرێم لە پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیاش دەبینرێت. بۆیە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٥ی عێراقیش جەختیان لەم ڕاستییە کردەوە، چونکە ئەنجامەکان ئەوەیان دووپات کردەوە کە گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستان درێژەی دەبێت و بەردەوامە؛ بەتایبەت ئەنجامە کۆتاییەکان ئەوەیان نیشان دا کە هیچ یەك لە لایەنە سیاسییەکان نەیان توانیوە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بە دەست بهێنن، بۆیە بۆ بەردەوامبوون پێویستی بە سازان هەیە لە نێوان پێکهاتەکان؛ ئەمەیش هەرێمی کوردستانی وەک فاکتەرێکی سیاسیی پێویست لە حکوومەتەکەی داهاتووی بەغدا چەسپاندووە، هەروەها وەکوو کەناڵێکی هاوسەنگییش لە پەیوەندییە هەرێمییەکاندا تەماشای هەرێمی کوردستان دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کە تورکیا لە دوای هەڵبژاردنەکانیش هەولێر وەک فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیریی ڕێژەیی دەبینێت.

لەپاڵ ئەمە، تورکیا لە ڕووی ڕەهەندە ئەمنییەکەیەوە هەرێمی کوردستان وەک ناوچەی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دەبینێ، چونکە پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان – تورکیا جێگیرە. ئەمەیش وا دەخوازێت کە ئەنقەرە، هەرێم وەک فاکتەرێکی گرنگ و ستراتیژی ببینێت، چونکە هەروەک لە سەرەوەیش ئاماژەمان پێ دا، بەغدا ناتوانێ ئەم ناوچە سنوورییانە کۆنترۆڵ بکات. بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەرێم کێشەی ئەمنیی نییە بۆ تورکیا بەڵکوو ئامرازێکی گەمارۆدان و کۆنترۆڵکردنی کێشە ئەمنییەکەیە.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش ئەم هاوکێشەیەی نەگۆڕی بەڵکوو گرنگیی هەرێمی لەژێر سایەی سستیی دەرکردنی بڕیار لەسەر ئاستی حکوومەتی ناوەندیی عێراقی، زیاد کرد، هەروەها ئەنقەرەی زیاتر پشتئەستوور کرد بە هەولێر.

لە لایەکی دیکەوە، هەرێم ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی نەوت و بازرگانیدا، چونکە هەرێم ڕێڕەوێکی ئابوورییە لە نێوان عێراق و تورکیا. هەرچەندە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەربارەی نەوت چارەسەر نەبوون بەڵام ڕۆڵی کردەیی هەرێم هەڵنەوەشاوەتەوە و، تورکیا دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢٥، وەک "واقعێکی ئابووریی هەبوو" مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکات، نەک وەک مەترسییەک بۆ سەر سەروەریی ئەنقەرە.

لە لایەکی دیکەیشەوە تورکیا، هەرێم وەکوو هاوبەشێکی سیاسیی پراگماتیک دەبینێت نەک پڕۆژەیەکی سیاسیی جێگرەوەی دەوڵەتی عێراق. لە ئەنجامدا دەکرێت پێگەی هەرێم لە هاوکێشە سێقۆڵییەکەدا (بەغدا – ئەنقەرە – هەولێر) دوای هەڵبژاردن بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: لە ڕووی ئەمنییەوە تورکیا، هەرێم وەک ناوچەی بەڕێوەبردنی هەڕەشە دەبینێ، نەک سەرچاوەی هەڕەشە، هەروەها وەکوو هاوبەشێکی جێبەجێکار نەک بڕیاردەری سەروەری (واتا هەرێم بۆ ئەنقەرە جێگرەوەی بەغدا نییە و پێشبینییش دەکرێت هیچ کاتێک جێگرەوەی بەغدا نەبێت بۆ تورکیا)، جگە لەمە، لە ڕووی هەرێمییەوە، هەرێم بۆ ئەنقەرە وەکوو فاکتەری سەقامگیریی ڕێژەیی لە ژینگەیەکی پڕ لە جووڵە و پێشهاتدایە و پەیوەندییەکانیشی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانیدایە.

لەپاڵ ئەمە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەتایبەت ئەگەر ئەنقەرە گوشار بخاتە سەر لایەنە سوننەکانی نزیک خۆی بۆ ئەوەی لە هەندێک دۆسیەدا بەیەکەوە کار بکەن لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەرسێ لایەن؛ چونکە هەم لەسەر ئاستی حکوومەت و هەم لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەغدا پێویستیی بە پاڵپشتیی هەرێم و پارتییە؛ بەتایبەت لە دۆسیە سەروەرییەکانی وەکوو نەوت و ئاسایش و ئاو، ڕۆڵێکێ گرنگیان دەبێ، سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی هەرێم لە ڕووی خێراترکردنی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێککەوتنەکان بەهێزتر دەبێت، بەڵام ناگۆڕێت بۆ فاکتەرێکی سەربەخۆ لە سیاسەتی دەرەوەدا.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ پارێزگاری لە پێگە جیوسیاسی و ستراتیژییەکەی خۆی بکات لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا؛ تەنانەت ئەگەر هەولێر نەبێتە بکەرێکی یەکلاکەرەوەیش، ئەوە توانای ئاراستەکردنی ئەم پەیوەندییانەی تا ڕادەیەک دەبێت، بەڵام بە مەرجی ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆدا یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری بەدی بکرێت.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت بریتییە لەوەی کە سەرەڕای ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان لایەنە

شیعییەکان، بەڵام توانیویانە خۆیان لەژێر چەتری چوارچێوەی هەماهەنگی کۆ بکەنەوە و تا ڕاددەیەک یەکهەڵوێست بن. لایەنە سوننەکانیش بە هەمان شێوە؛ ئەوانیش توانیویانە "ئەنجومەنی نیشتمانیی سیاسی" ڕابگەیەنن کە لایەنە سیاسییە سوننەکان لەخۆ دەگرێت. تەنیا لایەن کە بەبێ هاوپەیمانییەکی هاوشێوەی شیعە و سوننە ماوە، کوردە. ئەمەیش بێ گومان کاریگەریی نەرێنیی دەبێت بۆ سەر پێگە و هەڵوێست و هێزی کورد لە دانوستانەکانی پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق.

**ئێران و تورکیا لەسەر چی لە عێراق ڕکابەریی یەکتری دەکەن؟ ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر حکوومەتی داهاووی عێراق؟**

تورکیا و ئێران هەر بە درێژاییی مێژوو ڕکابەری یەکترن و ئەمە لە سەردەمی "سەفەوییەکان" و "عوسمانییەکان"ەوە دەستی پێ کردووە و ئێستایش بەردەوامە. سەرەڕای ئەوەی ململانێکان لەسەر بنەمایەکی مەزهەبی بووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و بازرگانی و جیوستراتیژییەکانەوە، هۆکارەکانی ئەم ململانێیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لەپاڵ ململانێی مەزهەبییەوە فاکتەر و هۆکاری دیکەی نوێی دەرکەوتوون.

هەر لە ٢٠٠٣وە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، عێراق بووە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ ململانێی بەرژەوەندییەکانی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، بەتایبەت لەدوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر، هەندێک گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی دا و پێشهاتەکانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە بوون کە نفووز و هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە هەر یەک لە سووریا و لوبنان و یەمەن زۆر لاواز کران و تەنانەت لە وڵاتێکی وەکوو سووریا بەتەواوەتی کۆتاییان پێ هات. بۆیە تاکە بەرە کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێران ماوە، عێراقە و، تاران نایەوێ بەغداش بە دەردی سووریا و لوبنان بچێت و نفووزی لێرەیش کۆتاییی پێ بێت.

پێشبینی دەکرێت لە ئەگەری هەر هێرشێکی دیکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، تاران ئەم جارەیان لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە لە عێراق وەڵامی هەبێت، چونکە پێشبینییەکان بەو ئاراستەن کە ئەگەر ئەم جارە هێرش بکرێتە سەر ئێران، لەوانەیە هێرشەکە یەکلاییکەرەوە بێت و بەتەواوەتی تاران لە ناوچەکە و خودی ئێرانیش کۆتاییی پێ بێت. لەبەر ئەم هۆکارانەیە تاران لە عێراق کەوتۆتە ململانێیەکی توند لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە واشنتۆن بەجددی ئەم جارە جەخت لەسەر چەکداماڵینی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران دەکات لە عێراق و، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ دیاریکردنی کەسایەتییەک دەکات بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق؛ لایەنی کەم ئەگەر نزیکیش نەبێت لە واشنتۆن، دژایەتینەکردنی بۆ ئەمریکا گەرەنتی بکات.

لەژێر ڕۆشناییی ئەم پێشهاتانە، تورکیاش زۆر لەنزیکەوە چاودێریی بارودۆخە تازەکە دەکات و هێمای ئەوەی پێ گەیشتووە کەوا گۆڕانکارییەکان درەنگ بێت یان زوو، عێراقیش دەگرێتەوە. ئەنقەرە لە دوای سووریا ــ کە لەوێ تووشی کێشەیەکی گەورە بووە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کە کێشەکە بریتییە لەوەی ئیسرائیل وەکوو هێزێکی کاریگەر لە سووریا سەری هەڵداوە و تەلئەبیب تا ئێستا توانیویەتی ڕێگری لە ئەنقەرە بکات بگاتە ئامانجەکانی لە سووریا ــ نایەوێت ڕووبەڕووی هەمان سیناریۆ ببێتەوە لە عێراق.

بێ گومان لە عێراق سیستەمی سیاسی یاخود گۆڕانکارییەکان ئەگەر ڕووش بدەن وەکوو ئەوەی سووریا

نابێت، بەڵکوو ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت لە عێراق، لاوازبوونی هێزە پرۆکسییەکانی تارانە. لەم حاڵەتەدا ئەنقەرە نایەوێ ئەو بەرژەوەندییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، لەدەست بدات و بکەوێتە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییە نوێیەکانی عێراق.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین کە ڕکەبەرایەتییەکەی ئەنقەرە و تاران لە عێراق، لەسەر سروشتی نفووز و ئامرازەکانیەتی. چونکە ئێران پشت بە نفووزی سیاسی و ئەمنیی قووڵ دەبەستێت، کە پشتئەستوورە بە حزبە سیاسییە شیعەکان و هێزە پرۆکسییەکانی و تۆڕێکی ئابووریی نافەرمیی فراوان. ئەمەیش لە ڕووی بونیادگەرییەوە ئامادەبوونێکی بەهێزی ئێران دەستەبەر دەکات لەنێو قووڵاییی دەوڵەت لە عێراق.

بەرامبەر ئەمە تورکیا زیاتر نفووزێکی پراگماتیکیی نەرمی هەیە کە پشت بە بازرگانی، وەبەرهێنان و وزە و هەماهەنگیی ئەمنیی سنووردار دەبەستێت، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان.

هەروەها هەردوو لا ناکۆکن لەسەر شێوازی دڵخوازی دەوڵەتی عێراق: ئێران زیاتر کار بۆ ئەوە دەکات دەوڵەتێکی تا ڕاددەیەک لاواز بەڵام دۆست بنیاد بنرێت، کە ڕێگە بە هەژموونێکی نافەرمیی تاران بدات؛ بەرامبەر ئەمە تورکیا دەوڵەتێکی مەرکەزیی پێ باشترە کە توانای بڕیاردان و، کۆنتڕۆڵکردنی سنوورەکان و واژۆکردنی ڕێککەوتنە ستراتیژییە درێژخایەنەکانی هەبێت.

**کۆبەند**

تورکیا و ئێران کە دوو وڵاتی هەرێمیی بەرچاوی ناوچەکەن، لەم ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر جددی دەبنەوە. ئێران لە دوای لاوازکردنی هێزە پرۆکسییەکانی لە لوبنان و سووریا بەتایبەت و، بەگشتیشی لە ناوچەکەدا، هەروەها دوای هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بە ڕێژەیەکی بەرچاو لاواز بووە بەراورد بە قۆناغی پێش ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر.

بەرامبەر ئەمە تورکیاش ئێستا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە و ناتوانێت وەکوو قۆناغەکانی پێشوو جووڵە بکات. بۆ نموونە لە لایەک پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – مۆسکۆ گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ، چونکە ڕووسیا پێی وایە ئەنقەرە خەریکە زیاتر لە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە. هەروەها لە ماوەی ڕابردوو درۆنەکانی مۆسکۆ گەیشتنە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا. لە هەمان کاتدا چەند کەشتییەکی تورکی لەلایەن ڕووسیاوە کرانە ئامانج.

هەر لەگەڵ گۆشەگیرکردنی تورکیا لە ناوچەکەدا، جووڵەیەکی لەناکاو لە نێوان ئیسرائیل و قوبرس و یۆنانەوە دەستی پێ کرد و هاوپەیمانییەک لەم سێ وڵاتە لە دژی تورکیا ڕاگەیەنرا و لە دووتوێی چاوپێکەوتنەکانی نێوان بەرپرسە باڵاکانی ئەم سێ وڵاتە، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "بنیامین نەتانیاهۆ" بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامێکی هەڕەشەئامێزی بۆ تورکیا نارد و ڕای گەیاند: "**<u>خەیاڵی ئەوان خاوە کە بیر لە زیندووکردنەوەی ئیمپڕاتۆرییەت دەکەنەوە و، لە منی وەرگرن کە شتی وا هەرگیز ڕوو نادات</u>**." ئەم لێدوانەی نەتانیاهۆ هەڕەشەیەکی جددییە بۆ تورکیا کە تیایدا پەیامی فەرمیی ئیسرائیل گەیەنرایە تورکیا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا <u>ڕۆژنامەی The Jerusalem Post لە بابەتێکدا کە لە ڕێکەوتی (٢٢/١٢/٢٠٢٥) بە ناونیشانی</u> "**هەشتەمین و مەترسیدارترین بەرە: چۆن تورکیا لە هاوپەیمانەوە بوو بە هەڕەشەیەکی**

**ســـــــتراتیژی**” (The Eighth, Most Dangerous Front: How Turkey Went From Ally to Strategic Threat) بڵاوی کردۆتەوە و، ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و تورکیا بە هەشتەمین و مەترسیدارترین بەرەی ڕووبەڕووبوونەوە ناوزەد دەکات کە ئیسرائیل ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە بەپێی بەرپرسانی ئیسرائیل، تەلئەبیب لە حەوت بەرەی جیاواز مەترسیی لەسەرە و ڕووبەڕووی هەموو ئەم بەرانە دەبێتـەوە. بـەم پێیـە بێـت ژمـارەی بەرەکـان زیـادی کـردووە و مەترسـیدارترین و هەشتەمیـن بـەرەی بـۆ کراوەتەوە.

لـە لایەکـی دیکـە، سـەرەڕای هەوڵەکـانی ئەنقـەرە بـۆ ئـەوەی سوپـای تورکیـا بنێرێتـە غـەززە بەڵام ئـەم داواکارییەی تورکیا ڕەت کرایەوە و ڕێگەی پێ نەدرا. لە سووریاش بارودۆخی تورکیا باش نییە چونکە ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو نفووزی خۆی تێدا زیاد کردووە.

لە ئەنجامی ئەم پێشهاتانە، پێشبینی دەکرێت کە هەر یەک لە ئەنقەرە و تاران دوای قۆناغی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەوڵەکانی خۆیان لەم وڵاتە چڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی نفووز و پێگەی خۆیانی تێدا بچەسپێنن. بۆیە هەردوو لا لەژێر گوشارێکی زۆری هەرێمی و نێودەوڵەتیدان؛ سەرەڕای ئەمەیش نایانەوێ لە عێراقیش نفووزیان کەم بێتەوە و یاخود بەتەواوەتی کۆتاییيان پێ بێت.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ئەگەر تورکیا و ئێران بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی یەکیش ببنەوە، نایگەیەننە ئاستی پێکدادان، بەڵکوو کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی دووقۆڵیی هەردوو لا لە عێراق. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە ئەگەری هەر هێرشێکی دیکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و، ئەم هێرشە گەر لاوازبوونی ئیرانی لێ بکەوێتەوە لە عێراق، ئەو کاتەیش وەکوو ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، ڕێگە بە ئەنقەرە نادرێت نفووزی خۆی لە ئاستێکی دیاریکراو، زیاتر و فراوانتر بکات؛ چونکە ئیسرائیل، ئێران بۆ ئەوە لاواز ناکات ئەنقەرە ببێتە شوێنگرەوەی تاران.